نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە ئایدن مەعرووف وەزیری کاروباری پێکهاتەکانی کرد

ئێوارەی ئەمڕۆ سێشەممە (24ـی تشرینی یەکەمی 2023)، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئایدن مەعرووف وەزیری کاروباری پێکهاتەکانی حکومەتی کاربەدەستی هەرێمی کوردستان کرد.

بەپێی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم هاتووە، "لە دیدارەکەدا هەردوولا دەربارەی دۆخی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان بیروڕایان گۆڕیەوە"، هەروەها ئایدن مەعرووف پوختەیەکی دەربارەی چەند لایەنێکی پەیوەندیدار بە دۆخی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان و ئامادەیی و ڕێیان لە ژیانی سیاسی و کارگێڕی وڵاتداڵ خستە ڕوو.